# خەیاڵ

ئاسۆ باوەجانی
Babacani_aso@yahoo.com

چەندە دێم و سرنج ئەدەم
شووشەی خانووی بیر و نواڕم
خوار و خێچە!!؟
بەڵام....
ئیتر لێی نازانم
وە ستا شووشەی خوار بڕیوە
یان پەیکەری شەپاڵی من
بێ دەلاق و دەر و پێچە !!!

**راستی(1)**
من نازانم لە بەر چیە؟؟؟؟
ئەوەی چاوم بە دی دەکات
هەڵە یان هەڵە نیە!؟
ئەوەی گوێکانم دەیبیسن راستە یان
درۆیەکی زۆر گەورەیە!؟
ئەوەی بیرم دەقۆزێتەوە بۆ زمان
بە گوێی خەڵك دا چۆنە چیە!؟
من دەڵێم:
کۆڵکە زێڕینەیە بە خوا
ئەوی تەنیشت بە کەسکی سوور ناوی دەبا!

**راستی(2)**
سەیرم بکەن ئەی خەڵکینە
ناسینم یان نامۆ بوونم شتێکی ئاسایی و  روونە
چاوچنۆکم؟
سەوداسەرم ؟
یان خۆێنی هەژار هەڵمژ ؟
بێگومان لای هەمووتان چاچۆڵ نیە
چاو کوێر نیە!
دەپێم بڵێن :تۆ چاکی و باشیم ناس دەکەی
یان ئەوی دیکەی چاچۆڵ شکێن
پشتی پێ دەر
راگومکێ کەر.؟؟